# ئیمام مەهدی کوژرا




ضیاء عبد الزهرة

ئەگەر راست بوایە ، دەبوایە ئیمام مەهدی بەربەرەکانی لەشکری ئەمریکا و لەشکری مالیکی بکردبایە و هەمووی تێک بشکاندبایە. دیارە ریوایەتەکە راست دەرنەچوو ، کابراش ئیمام مەهدی نەبوو،کۆنە بەعسی بوو.ئەی ئەوە چۆن بوو ئەو هەموو کەسەی بەدوای خۆی راکێشابوو، ئەو کوشتارەی لە خۆڕا بەخشیە لەشکری عێراقی و ئەمریکی. ئەو هەموو ژن و منداڵە بۆ دیل کراوە و هەتا هەنووکە وا لای لەشکری ئەمریکا و عێراقیین . ئەگەر کوژراوەکان کافر و سەر بە قاعیدە و کۆنە بەعسین، بۆ [ئایەتی خوا سیستانی] فەتوای دا کوژراوەکان لەگەڵ شەیهدانی شیعە لە نەجەف بنێژرێن .ئەی کافر لە موسڵمان لە گۆڕستانیش جیا ناکرێتەوە.لەناو دارستانی نەجەف و لەخاکی پیرۆزی ئیمامی عەلی و حوسێن ئەو لەشکرە بەو هەموو چەکە بەناوی [جند السماء]،خەریکی چی بووە.بەعسی روخا و کە باوەڕی بە هاتنی مەهدی و عەلی و عومەر نی یە ، چۆن خۆی خزاندە ناو ئەو کۆمەڵە چەکدارە شیعە یە .قاعیدەی ئوسامەی کوڕی لادن قەتلوعامی شیعەی حەڵاڵ کردووە، چۆن شیعەکانی سەر بە [ئیمامی مەهدی تازەی] بۆ خۆی راکێشاوە و بە تەما بووە حەیدەری یەی حوسێن داگیربکات و سیستانی رەوانەی ئێران بکاتەوە و لە نەجەف شاربەدەی بکات. هەتا ئەوڕۆکە چیرۆکێکی راست خۆی نیشان نەداوە و نازانرێ ئەو قەساپخانەیە بۆ دروستکرا ، بەڵام کوشتاری هەزاران کەس و وێنەی ترسناکی ئەو هەموو کەلەشە قڕکراوە لە ماسمێدیا و زاری خەڵکی دێتە نمایشکردن و گووتن . ئەو خوێنە عاشورای شیعەکانی سوور تر کرد.ئێران و سوریا و سعودیا وکوێت و تورکیا و ئوردن هەتا ئەمڕۆکە سنوورەکانی یان لە بەرامبەر تێرۆریستان و هاتنیان بۆ عێراق توند ناکەن . بەرژەوەندی ئەو وڵاتانە نا ئارامی عێراقی تازەیە . حکومەتی بەغداش لەبەر شەڕە کورسی و دەسەڵات هێندە بە هێز نی یە، بتوانێ پارێزگاری لە گیانی خەڵکی بکات . یادی حوسێن و عاشورا بۆ کوریش بەدبەختی هێنا و خەڵکێکی زۆر لە خانەقین بوونە قوربانی عاشورا.لەشکری موقتەدای کوڕی سەدر ناویان لەشکری مەهدی یە و ئەوانیش باوەڕیان وایە ئیمام مەهدی بە هانایان دێت ، کەی و چۆن ئەوا هەر بۆ خۆیان دەزانن .



خۆپیشاندانی شیعەکان لە رۆژی عاشورا لە کۆپنهاگنی دانیمارک2007

فەهد گردەوانی 2007/2/5ستۆکهۆڵم